## ئەم ململانێیەی ناو ڕیزەکانی یەکێتی بۆ ڕزگارکردنی خەڵك نیە لە تراژیدیای ژیانی ئێستایان, بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی یەکێتی یە لەم قەیرانەی کە لەگەڵ خەڵکدا تووشی بووە.

*گفتوگۆ لەگەڵ (تاهیرحەسەن) سەبارەت بە تەکەتولەکانی ناو یەکێتی و هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەو کاریگەری لەسەر ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان.*

**ئۆکتۆبەر:**

**سەرەتا دەمەوێ گفتوگۆکەمان بەم پرسیارە دەستپێبکەم. ئەم تەکەتولانەی نـاو یـەکێتی چـۆنە, لەسـەر چیەو هۆکارەکـەی چیە؟.**

**تاهیر حەسەن:**

بـوونی لێکدانـەوەو بۆچـوونی جیـاواز و پلاتفـۆرمی جیـاواز و دژ بەیـەك تـا ڕادەی دروسـتکردنی کوتلـەو فراکسیۆنی جیـاواز لـە نێوحزبێکی سیاسی دیاریکراودا,چ ڕاست بێت یان چەپ , دیاردەیـەکی سروشـتیەو خـۆی لـە خۆیدا گوزارشت لـە هـیچ حاڵـەتێکی مەنفی یان ئیجابی ناکات. دەکرێ حزبێکی سیاسی دیاریکراو لەسەر شێوەی گرتنەدەستی دەسـەڵاتی سیاسی,لەسـەر بەرنامـەی ئابووری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە,تەنانـەت لەسـەر شکستێك کەلە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکردودا بۆ گرتنەدەسـتی دەسـەڵاتی سیاسی بەسـەریدا بێـت,لـە ئاسـتی سـەرەوەیدا تووشـی چـەندین لێکدانـەوەی جیـاواز ببێـت وبیکێـشێتە دروسـتبوونی کوتلـەو فراکسیۆنی جیاواز و هەتا دووکەرتبوونی حزبەکەش بڕوات. ئەوانە گوزارشت لە زیندوو بوونی سوونەتەکۆمەڵایەتیە جیاوازەکان دەکەن, کە ئەحزابی سیاسی بۆ وەڵام دانەوەی کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە دەخولقێنێ.

ئەوەی کەنیشانی هەر کەسێکی دەدات, کە ئـەو کوتلانە کامیان پێشکەوتووە, کامیـان لەخـەڵك نزیکە,کامیان ژیانی ئینسانەکانی کۆمەڵگـە لـە نێـو سیاسـەت و پلاتفۆرمەکەیدا بایـەخی هەیـە, بـەر لـە هەرشتێك ئەوەیـە, کـە حزبـی نـاوبراو حزبـی چ بزوتنەوەیـەکی کۆمەڵایەتیە,بۆ پارێزگاری لەچی و وەڵام دانەوە بە چی دروستبووە؟. ڕیشەی جیاوازیەکانیان چ پەیوەندیـەکی بە ژیانی خـەڵکو بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگـەوە هەیـە؟, سـەرئەنجام زەمینـە کۆمەڵایـەتی و ماددیـەکانی پـشتی لێکدانـەوە جیاوازەکان و کوتلـەکان چین؟.

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هەندێك لە ئەندامانی سەرەوەی یەکێتی لە هەردوو کوتلەکە, لە چەندین گفتوگۆی جیاوازدا هـەوڵیان دەدا سەرنجی خـەڵك لەسـەر زەمینـە پایەییەکانی پـشتی ئـەم دیاردەیـەی نـاو یـەکێتی, کـە زیـاتر لەسـاڵێکە توونـد بۆتـەوەو چـووەتە نێـو میدیاکان و تا شەڕە تەقە ڕۆیشتووە, بگوازنەوە بۆ ئەوەی, کە گوایە ئەم دیاردەیە تازە نیەو یەکێتی نیشتیمانی حزبێکی زینـدووی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیکەو بوونی بیروبۆچوونی جیاواز و کوتلە هەمیشە هەر هەبووە!!.

منیش ئەوە دەسەلمێنم کە لە قۆناغە مێژوویەجیاوازەکانی تەمەنی یەکێتی نیشتیمانیدا, تاکوتـەرا بیروبۆچوونی جیاوازو هەنـدیك جار سەروکەللەی کوتلە دەرکەوتوون , بەدەر لەوەی کە چۆن وەڵام دراوەتەوەوچ ئاکامێکی بووە. بـەڵام ئـەوەی کـە کوتلـەی ئـەمجارە لە جارەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە. ئەوەیە کە یەکێتی نیشتیمانی ئێستا, یەکێتیەکەی دوێنی( بالیسان و نێوزەنگ) نیـە. حزبێکـە کە 15ساڵە نیوەی کوردستانی بەدەستەوەیە. بە بڕوای من دوو فاکتەری سەرەکی وان لە پشت دیـاردەی تەکەتولاتی نێـو یـەکێتی نیشتیمانیەوە:

<u>یەکەم:</u> فەشەل لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو قووڵبوونەوەی بێ ئەو پەڕی ناڕەزایەتی خەڵك لە دژی گەندەڵی.

<u>دووەم:</u> لە دەستدانی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی وگۆڕانی هاوکێشەی دەسەڵات لە کوردستان بە قازانجی پارتی.

ڕێگـە بـدەن بـەکورتی ئـەم دوو فاکتـەرە بڕێك ڕۆشـن بکەمـەوە. سـەیر کـەن, یـەکێتی و پـارتی 15ساڵە کۆمەڵگـەی کوردستانیان بـە دەستەوەیە,15ساڵ کە دەکاتە نزیکەی چوار دەورە بردنەوەی کورسیەکانی پەرلەمانەکانی ئەوروپا!!, بـەڵام تـا ئێستا نـەیانتوانیوە کارەبا وسـووتەمەنی و ئـاوی خواردنـەوە بـۆ خـەڵك دابین بکـەن!!!!.لەبەرامبـەردا بـە بـێ ئـەوەی کوردستان ناوەنـدی هـیچ بـازاڕێکی جیهـانی و ناوچـەیی بێـت, بـەبێ ئـەوەی هـیچ کۆمپانیایـەکی سـەنگینی جیهـانی تێـدا بێـت. بـە پێـی ئـاماری خۆیـان دەیـان کەسـی ملیاردێر و چەند سەد کەسی ملیۆنێر بە دۆلار لە کوردستان تەنیا لەسەر تالانی کۆمەڵگە پەیدا بوون!!.تەواوی ئەو ملیاردێرانە یـان لە کەسانی سەرەوەی ئەم دوو حزبـەن , یـان شـەریکن لەگەڵیان!. خـەڵکی بە پێش چاوی خۆیانەوە جیاوازی بێ ئەوپـەڕی نێـوان ژیـانی خۆیـان و ئـەوان دەبیـنن. (فیرعـەون ئـاوا) ڕەخنەیـەکی توونـدی چینایـەتی و ڕقێکـی ئەسـتووری خەڵکـە کـە لـەم دەسـەڵاتە هەڵیانگرتووە.

خەڵك لە یەك ساڵ و نیوی ڕابردوودا بۆ گۆڕینی ئەم وەزعیەتە تاقەت پڕوكێنە هاتنە مەیدان. تەواوی شارەكان خرۆشان , وەڵامی سەرانی یەكێتی جگە لە كوشتن و تەقەكردن لە خەڵك, جگە لە هەڵكوتانە سەرماڵانی خەڵك و پڕكردنی زیندانەكان لە خەڵك شتێكی تر نەبوو!. بەڵام سەر باری ئەوانەش ناڕەزایەتی خەڵك هەتا هاتووە فراوانترو سەراسەری تربووەتەوە. بۆیە ئێستا بەو ئاكامە گەیشتوون, كە ئەم ڕێگا چارەیە كەڵكی نیەو درەنگ یان زوو خەڵكی دێنە سەر ماڵەكانیان. هەموو دەزانن كە ئەگەر وابڕوا, دەبێ سەركردایەتی یەكێتی بیرێك لە چارەنووسی خۆی بكاتەوە.

ئەم واقعیەتە یەكێتی لەگەڵ قەیرانێكی بەكردەوە بەڕوو كردووە , بارزبوونی ئەم كوتلانە ئاكامی ئەم واقعیەتەیە.

فاكتەرێكی تر ئەوەیە, كەیەكێتی لە نێو دڵی ئەوزاعی سیاسی عێراق و پێناسەی هێزدا , جێگاو ڕێگای پلە دووی لە دەسەڵاتدارەتیدا لە كوردستان پێبڕا. بوونی( تاڵەبانی) بەسەرەك كۆماری عێراقێكی پێناسەكراوی قەومی و دینی ,و بوونی (مەسعود بارزانی) بەسەرۆكی كوردستان ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ. من جارێكی تریش ووتوومە, چەندە بوونی (جەعفەری) بەسەرۆكی كوردستان واقعیە, هەر ئەوەندەش بوونی تاڵەبانی بە سەرەك كۆماری عێراق واقعیە!. یەكێتی و پارتی دوو حزبی بۆرژوازی كوردن و دەسەڵاتیان تەنیا لە كوردستاندا مەعنای هەیە. جەنگی پێنج ساڵەی ناوخۆیی یەكێتی و پارتی لە كوردستان بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی كوردایەتی بوو لە كوردستان. هۆیەكی هەرچیەك بێت ئەم هاوكێشەیە بە زەرەری یەكێتی تەواو بووە تا ئێستا. ئەوەی كە بە خۆیان دەڵێن ( كوتلەی ڕیفۆرم) بەتووندی لەم وەزعیەتە ناڕەحەتن. بێ هۆ نیە كە پارتی لەم جەنگی كوتلانەی ناو یەكێتیدا پشتیوانی لە كوتلەی تاڵەبانی دەكات !.

بەكورتی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە لە 15ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕاستیەی سەلماندووە, كە دەسەڵاتیان, فەرهەنگی سیاسی و كۆمەڵایەتیان , بیركردنەوەو بەرنامەكانیان, قازانج و بەرژەوەندیەكانیان , لەگەڵ خەڵكی مۆدێرن و شارنشینی كوردستاندا پێكەوە ناگونجێ و لە بەرامبەر یەكتردان . ئەگەر هەلومەرجی سیاسی عێراق برێك لەمەی ئێستا ئارامتر بووایە, دەمێك بوو خەڵكی بەلایەكیاندا دەخست و تا ئێستای نەدەخایاند. كۆمەڵگە ناتوانێ تا سەر لەم تەناقوزەدا بژی.

**ئۆكتۆبەر:**

**لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا یەكێتی نیشتیمانی كوردستان هەڵبژاردنە ناوخۆییەكانی ئەنجامداو پۆست و پلە حزبیەكان تا ئاستی بەرپرسی مەڵبەندەكان بە شێوەی هەڵبژاردن دانران. بەلام ئەم هەڵبژاردنە و ئەنجامەكانی لە زۆر ڕووەوە بووە جێگەی سەرنجی خەڵكی كوردستان. ململانێی توندی نێوان باڵەكانی یەكێتی, دەنگ كڕین,بەرتیل و دەمانچەدان بە دەنگدەران, وە لە چەند شوێنێك ململانێكە گەیشتە ئاستی تەقەو تەنانەت كوشتنیش. سەرەتا دەمەوێ ڕای ئێوە لەسەر پرۆسەی( هەڵبژاردنەكە ) بزانم. چۆنی لێك ئەدەیتەوە و چۆنی هەڵئەسەنگێنی؟**

**تاهیر حەسەن:**

بە بڕوای من بە بەراورد بەو ملیاردو ملیۆنەها دۆلار و چاڵە نەوتانە كە باڵەكانی ناو یەكێتی لەسەر دابەشكردنی شەڕیانە, دەكرێ بڵێی هێشتا هیچ ڕووی نەداوە!.

لە گفتوگۆیەكی ڕادیۆییدا لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا), سەبارەت بەو پرسیارەی كە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی نێو یەكێتیدا لەچەندین شوێن تەقە كراوەو تێكهەڵچوون لە ناو ڕیزەكانیاندا ڕوویداوە. ئەو ووتی: یەكێتی حزبێكی دەسەڵاتدارە, بەو هۆیەوە كە حكومەت و حزب لە كوردستان تێكەڵاون , بۆیە سەركەوتن لە هەڵبژاردنەكاندا دەكاتە بەدەستهێنانی پلەوپایەی حكومی . ئەمەش دەكاتە بەدەستهێنانی ئیمكانات و سەروەت و سامان. بۆیە كەسانێك كە لەو ئیكماناتە بەهرەمەندن نایانەوێ لە دەستی بدەن و كەسانێكیش كە هێشتا نین دەیانەوێ بگەنە ئەوێ. ئاساییە كە لەسەر ئەمە كێشە دروست دەبێ!!.

كەوایە دەلیلێك پێویست نیە بهێنرێتەوە تا ئینسان لەوە تێبگات, كە كێشمەكێش و كوتلەبازی ناو یەكێتی لەسەر تاڵانی زیاترە!.

من دڵنیام ئەگەر ئەو كوتلانەی ناو یەكێتی ئاسۆیەكی بە تەواوی جیای لە سیاسەت وئاسۆی ئێستای یەكێتی نیشتیمانی ببوایەو هەڕەشەی دووكەرتبوونی لە یەكێتی بكردایە, لەم هەڵبژاردنەدا گۆماوی خوێنیان لە شارو شارۆچكەكانی كوردستان دەخوڵقاند.

بەڵام بەو هۆیەوە كە هەردوو كوتلەكە, چ كوتلەی ڕەسمی و چ كوتلەی بەناو (ناڕازی) ئەو ڕاستیەیان دەزانی كەسەرباری هەر شتێك ,سەرئەنجام چەتری یەكێتی سەقفی ژیان و ناز ونیعمەتی ئێستای هەموویانەو بەتێكچوونی هەموو شتێك بۆ هەردوو لا لە دەست دەچێت, بۆیە هەوڵیاندا ئەو خەتە سوورە نەبەزێنن.

ئەوان هەموویان نارەزایەتی قووڵی خەڵکیان لەو دیووی دیواری ماڵەکانی خۆیان بە چاوی خۆیان دەبینی, دەیان زانی کە سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵبجە زەنگێکی مەترسیدارەو ئەو ئاگرە ڕەنگە درەنگ یان زوو بگاتە بەر دەرگای ماڵ و بارەگاکانیان. ئەوە بێجگە لەوەی کە دوو کەرتبوونی یەکێتی لەجێگاو ڕێگای سیاسی و دەسەڵاتدارەتی ئێستای هەڵیدەکەنێ و لە بەرامبەر پارتیدا دەیکاتە دەرەجە چەند هەم.

با ئەوەش بڵێم , کە مەسەلەی ڕەشوە دان و دەنگ کڕین و هەڕەشەکردن, شەخسیەت شکاندن و ناوزڕاندن و ژێر پێ خاڵیکردن و تۆمەت بۆ هەڵبەستن و پیلانگێڕان, سوونەتێکی کۆنی تەواوی ئەحزابی ڕاستی بۆرژوایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو. لەم وڵاتانە مەسەلەی دەست بە دەست کردنی دەسەڵات لە نێو ئەحزابی بۆرژوایدا, تەبەعیەت لە هیچ پرۆسەیەکی دیموکراسی ناکات . کودەتای سەربازی , مفاوەزات , پیلان و خولقاندنی جەنگ و وێرانکردنی کۆمەڵگە شێوازی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەحزابی بۆرژاییە. هیچ کاتێك و لە هیچ سەردەمێکدا ئەحزابی دەسەڵاتدار نەخراونەتە بەردەم ڕاپرسیەکی ئازادانەی خەڵك تا مەعلوم بێت , خەڵکی چەندێك سیاسەتەکانیان قبوول دەکەن . هەمیشە بە زەبری چەك و نان برین و زیندان سیاسەتەکانیان بەسەر خەڵك و کۆمەڵگەدا بەڕێوە دەبەن . ئەمە فەرهەنگی حکومەتەکانی ئەم وڵاتانەیەو لەگەڵ خۆشیاندا کردوویانەتە فەرهەنگی ئەحزابی بۆرژوایی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان.

من پێم وایە وەکو زۆر جاری تر سەرئەنجام ئەم سیناریۆیەی ناو یەکێتی بە دڵ ڕازی کردنی کەسانێك لە کوتلەی دۆڕاو, و دڵنەوایی کردن و ئیمتیاز پێدانی هەندێکی تریان تەواو دەبێت و لە جێگای خۆیان دایان دەنێنەوە.

**ئۆکتۆبەر:**

**یەکێتی دوای لەم هەڵبژاردنەدا تۆکمەتر بووە یان لەرزۆکتر؟. ئەم هەڵبژاردنە چەندە توانی یەکێتی یەکدەست تر بکاتەوە و بەشێوەیەکی جێگا پەسەندی هەموویان سەنگی هەموو باڵەکان نیشان بدات؟**

**تاهیر حەسەن:**

بە بڕوای من گەورە کردنی زیاد لە پێویستی ئەو کوتلانەی لە ناو یەکێتیدان, خەڵکی لە ناسینی خودی دیاردەکە دوور دەخاتەوەو ڕەنگە خۆشخەیاڵیش لەلای خەڵکی دروست بکات. دەبێ دیاردەکە وەك ئەوەی هەیە ببینین. دیاردەی تەکەتولاتی ناو یەکێتی نیشتیمانی هیچ بناغەیەکی سیاسی جیاوازی نیە. کۆمەڵێك کەس خۆیان بە مەغدوور دەزانن و خۆیان بە شاستەی زیاتر لە داهات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە دەزانن. بۆ بە دەستهێنانی ئەمە هەوڵدەدەن کەڵك لە نارەزایەتی خەڵك لە دژی گەندەڵی وەربگرن. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو کوتلەیەی ناوی (ڕیفۆرم) ی لەسەر خۆی داناوە سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە. بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ خەڵك بەرەو ڕوو دەبوو! وەڵامی بە خەڵك وخواستەکانیان چی دەبوو؟!. خۆ بەسەرکەوتن یان دۆڕاندنی هەر لایەکیان کێشەکانی کۆمەڵگە ناپێچرێتەوە !. بۆیە ئەو هێزەی کە لە ناو یەکێتیدا نارازیە پێی لە نێو خەڵکدا قایم نیەو کەمترین مەسەلە بە خەڵکیە نابەستێتەوە. بۆیە مەسەلە سەنگی باڵەکانی ناو یەکێتی نیە لە بەرامبەر یەکتردا, مەسەلە سەنگی یەکێتیە لە بەرامبەر خەڵکدا. یەکێتی نیشتیمانی دەبێ وەڵام بە خەڵك بداتەوە, دەبێ وەڵام بەو کورەیە لە نارەزایەتی خەڵك بداتەوە کە هەر ڕۆژە لە شوێنێکەوە کڵپە دەسێنێ.

**ئۆکتۆبەر:**

**وەك دەزانین کە نارەزایەتی و تووڕەیی خەڵکی کوردستان لە دژی کارکردو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی تا دێت بەرەو فراوانبوونەوە دەڕوات. نارەزایەتیەکانی مانگی ئابی ئەمساڵ بەتایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی گەورە بوو. بەڕای تۆ ئەم نارەزایەتیانە چەندە کاریگەرییان لەسەر ململانێی ناوخۆی تەکەتولەکانی یەکێتی هەیە , هەروەها بە پێچەوانەشەوە؟ ئەم ململانێیانە چەندە پەیوەندیان بە مەسەلەو خواستەکانی خەڵکەوە هەیە؟**

**تاهیر حەسەن:**

من پێشتر باسی ئەوەم کرد. ئەم دیاردەیەی ناو یەکێتی ئاکامی قەیرانێکە کە یەکێتی و پارتی لە بەرامبەر خەڵك و کۆمەڵگەو خواستەکانیاندا لەگەڵی بەرەو ڕوون. ئاکامی فەشەلێکە کە 15ساڵە نەیانتوانیوە سەرەتاییترین بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی ئاسایی و پێناسەکراو دابمەزرێنن. ئەوەی کە بۆچی ئەم دیاردەیە لە نێو پارتیدا نیە, دوو هۆی هەیە. یەکەم: پارتی حزبێکی قەبیلەیی تر و داخراوترە. دووەم: جوگرافیایەك کە پارتی تیایدا دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێ, ئاڕادەیەك جیاوازی لەگەڵ ئەوەی یەکێتی هەیە.

تا ئەو جێگایەی بە کاریگەری ناڕەزایەتیەکانی خەڵك لەسەر تەکەتولاتەکانی ناو یەکێتی دەگەڕێتەوە, بە بڕوای من کاریگەری جدی لەسەری هەیە, بەڵام ناڕەزایەتیەکانی خەڵك مەدالیا بەهیچ لایەکیان نادەن و کەمترین نزیکایەتی لە خۆیان نایان بینن. ئەم ململانێیە بۆ ڕزگارکردنی یەکێتیە لەم قەیرانەی کە لەگەڵ خەڵکدا تووشی هاتووە ,نەك ڕزگارکردنی خەڵك لە تراژیدیای ژیانی ئێستایان.

با ئەم مەسەلەیە بە نموونەیەك بڕێك ڕۆشنتر بکەمەوە. لەگەڵ پەرەگرتنی بزووتنەوەی (سەرنگونیخوازی جمهوری ئیسلامی ئێران) لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە لە سەرەتای دەهەی ڕابردوودا, باڵێك بە ناوی (دووی خورداد) لە ناو دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا گووڵی کرد, کە(خاتەمی ) ڕەئیسەکەی بوو. خەڵکی ئێران بەمەبەستی نزیکردنەوەی جمهوری ئیسلامی لە ڕووخانی یەکجاری, دەنگیان دا بە خاتەمی و بوو بەسەرەك کۆماری ئێران. خەڵکی ئێران دەیانزانی ئەگەر خاتەمی بتوانێت بچوکترین بوار بۆ ئازادی بکاتەوە وەك بەڵێنی دەدا, ئەوا ئەمان چەندین هەنگاو لە ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی نزیك دەبنەوە. بەڵام باڵی (خاتەمی) کە ناوی ڕیفۆرمخوازی لەسەر خۆی دانابوو, نەك هەر هیچ پەیوەندیەکی بە خواستەکانی خەڵکەوە نەبوو, بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی جمهوری ئیسلامی لە دەستی بزووتنەوەی سەرنگونیخوازی خەڵکی ئێران شکڵی گرتبوو. بەڵام باڵی (خامەنەئی) بەکردەوە ئەو بوارەی لێگرت , چونکە دەیزانی کەمترین ئازادی لە ئێراندا, کەمترین شلبوونەوە لە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی بەسەر سەری خەڵکەوە, تەواوی دەسەڵاتی ئیسلام بە هەموو باڵەکانیەوە لە ئێران دەڕوخێنێ. چونکە بزووتنەوەی سەرنگونیخوازی خەڵکی ئێران لە دژی باڵێکی دیاریکراوی ناو دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی نەبوو و نیە, بەڵکو لە دژی دەسەڵاتی ئیسلام بەسەر ژیانی ملیۆنەها ئینسانەوە شکڵی گرتووە. هەر بۆیە باڵی ڕاست , بزووتنەوەی دووی خوردادی لە جێگای خۆی دانایەوەو خاتەمیشی ناردەوە بۆ ماڵەوە!.

بەم پێشەکیەوە دەمەوێ بڵێم , سەرباری ئەوەی لە ژێر شەپۆلی ناڕەزایەتی دژی گەندەڵیدا ئەم تەکەتولەی ناو یەکێتی هاتووەتە دەرەوە, بەڵام بەهیچ شێوەیەك بچوکترین پەیوەندی بە خواستەکانی خەڵکەوە نیە. خەڵك لە دژی تەواوی دەسەڵاتی گەندەڵی یەکێتی و پارتی هاتوونەتە مەیدان.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە لە نێو خەڵکدا بکرایە, ئەو کوتلەیەی کە لە ناویەکێتیدا ناوی خۆی ناوە (ڕیفۆرمخواز) لەوانە بوو زۆرترین دەنگی بەدەست بهێنایە , چونکە خەڵکی دەیانزانی ئەم خەباتەی ئێستایان لە دژی گەندەڵی چەندین هەنگاو دەچێتە پێشەوەو سەرئەنجام چارەنووسی دەسەڵاتی یەکێتی دەخەنە بەر دەم خەتەری ڕووخان. هەر بۆیە کوتلەی تاڵەبانی جڵەوی کارەکەی گرت. من بڕوام وایە کەمترین چاکسازی لەدەسەلاتی یەکێتی و پارتیدا لەگەڵ ڕووخان بەرەو ڕوویان دەکات. بە ئەحزابی عەشیرەتی و قەبیلەیی ناکرێ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و مەدەنی وەکو کوردستان بەڕێوە بچێت.

**ئۆکتۆبەر:**

**بالێکی ناو یەکێتی خۆی بە باڵی ڕیفۆرم ناساندووە. هەرچەندە هیچ پلاتفۆرمێکی جیاوازیان ڕوو بەخەڵکی نەخستۆتە ڕوو, بەلام گوایە ئەم باڵە لە دژی گەندەڵی ناو حزب و حکومەت و دیکتاتۆریەت و بنەماڵەگەرایی و ( سلبیاتەکان )ی تری ناو یەکێتییە؟. بەرای تۆ ئەم باڵە چەندە دەتوانێ نوێنەرایەتی ناڕەزایەتیەکان و خواست و داواکانی خەڵك بکات و خۆی لەگەڵ ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیەدا گرێبدات و کۆنترۆڵی بکات؟**

**تاهیر حەسەن:**

گەندەڵی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی خۆ ئەم دوو مانگە پەیدا نەبووە!. 15ساڵە ئەم دەسەڵاتە لەسەر ئەم گەندەڵی و ڕاوڕووتە بە ڕێوە دەچێت و خەڵکی بە شێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی دەردەبڕن. بۆچی ئەم تەکەتولە نەبوو؟. باشە 15ساڵە ئەم باڵی ( دژی گەندەڵیە) وەك دەڵێن, لە کوێ بوون؟!. پاشان چ ئامارێکی سەرمایەی مەسئوولینی کوتلەی ( ڕیفۆرم خوان) لەبەر دەستی خەڵکدایە تا خەڵکی بزانن , کە ئەمان بە پەتای گەندەڵی ئالوودە نەبوون ؟!.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوەو بوونی تاڵەبانی بەسەرەك کۆماری عێراق. هەموو کەسێك دەزانێ کە سەرۆکایەتی یەکێتی نیشتیمانی لە کوردستان لە دەستی (نەوشیروان مستەفا) جێگری تاڵەبانی دا بووە. ا. ئەو کارانەی (نەوشیروان مستەفا) کە بەڕواڵەت ڕابەری کوتلەی ڕیفۆرمخوازە لە نێو یەکێتیدا, لە ڕاستای کەمکردنەوەی گەندەڵیدا کردوویەتی کامانەن؟!.

بە پێچەوانەوە هەتا هاتووە گەندەڵی بە ناو تەواوی دەمارەکانی یەکێتیدا چووەتە خوارەوە . تەنانەت ئێستا یەکێتی زۆرتر لە کۆپانیایەکی بازرگانی دەچێ تا لە حزبێکی سیاسی!؟.ئەمە چارەنووسی یەکێتی بووە لانی کەم لە دووساڵی ڕابردوودا , کە بە

کردەوە ئەو حزبە بەدەست جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیەوە بووە!. بەڕاستی چ پۆستێکی لەوە گەورە تر پێویستە تا کەسێك لە نێو یەکێتیدا ببیێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو گۆڕانکاریەی خۆی دەیەوێت ئەنجامی بدات ؟!.
من بەرلە تەواو بوونی هەڵبژاردنەکان هیچ گومانێکم لەوە نەبوو, کە ئەوەی بە خۆی دەڵێ کوتلەی ڕیفۆمخواز لەناو یەکێتدا دەیدۆڕێنێ. هۆیەکەی تەحلیلێکی عەجایەبی ناوێ. ئەوانەی کە لە دەنگداندا بەشداریان کردووە, بە تایبەتی کادرانی یەکێتی. ئەو ڕاستیە دەزانن کە پەیوەندی یەکێتی بە ئەمریکاو ئەوروپا و دنیای عەرەبەوە تاڵەبانیە. پەیوەندی یەکێتی بە ئەحزابی تری عێراقی و تەنانەت کوردستانیەوە تاڵەبانیە,جێگاو ڕێگای یەکێتی لە نێو میدیا و کۆڕوکۆمەڵی محەلی و نێو دەوڵەتیدا تاڵەبانیە. پەیوەندی و ئیتیفاقی نێوان یەکێتی وپارتی هەر تاڵەبانیە. لەبەرامبەردا کوتلەی (ڕیفۆرمخوان) هیچ شتێکی نیەو لە هیچ تواناییەك بەهرەمەند نیە.
هەر لەو گفتوگۆ ڕادیۆییەدا گە ووتم لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا), لێیان پرسی تۆ وەك خاوەن کوتلەیەك لە نێو یەکێتیدا ووتی : من کوتلەم نیە!. لە جێگایەکی تردا وەك شەخسی دووەمی ناو یەکێتی ناساندیان. کەچی ووتی: شەخسی دووەم و سێیەم لە ناو یەکێتیدا نیەو هەمووی هەرتاڵەبانیە!!. کەوایە کەسانی ناو یەکێتی بۆچی دەنگ بەو بەرەیە بدەن کە سەرۆکەکەی خۆی ناکات بە خاوەنی؟!. کەسانی ناو یەکێتی چۆن دەتوانن موجازەفە بەو سەروەت و سامانەیانەوە کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەدەستیان هێناوە بکەن و خۆیان بدەنە دەست قەدەرێکی هاتونەهات؟!. بۆیە ئەو نەتیجەیە چاوەڕوانکراو بوو.
مێژوو نیشانی داوە کە , بەدەستهێنانی ڕابەرایەتی لەنێو حزبێکی سیاسی دیاریکراودا, بە چەند ڕەخنەو ناڕەحەتی و مەزڵوم نمایی وشەکوا کردن بەدەست نایەت. بەڵکو بە سیاسەت و ئەڵتەرناتیڤی جیاواز و پلاتفۆرمی جیاواز و وەستان لەسەریان و هەوڵدان بۆ جێگاخستنیان لە نێو ئەو حزبەدا, بە دەست دێت. ئەو کوتلەیەی کە پێی دەڵێن ڕیفۆرمخواز هیچ شتێك لەمانەی نیە ونوێنەرایەتی هیچ ڕەوتێکی سیاسی ناکەن , بۆیە ئایندەیان نیە. ئەوان لە نێو ڕیزەکانی خۆیاندا و بەو جێگا و ڕێگا حەساسەوە کە لە ناو سەرکردایەتی یەکێتیدا بویان نەیانتوانی ئیعتیمادی ڕێکخراوەکەیان  بە دەست بێنن, چۆن دەتوانن لە نێو بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکدا, کە سەرتاپا دژی گەندەڵی حزبەکەیانە ئیعتیمادی خەڵك بە دەست بێنن؟!.
2006/11/14